2023

# نهێنیخانە



نوسینی

لاڤان عزیز

# نهێنیخانە

نووسینی: لاڤان عەزیز

## ناسنامەی کتێب:

ناوی پەرتووک: نهێنیخانە

بابەت: کۆمەڵە چیرۆک

نووسەر: لاڤان عەزیز

دیزاینی بەرگ: ڕاڤین ئاودێر

دیزاینی ناوەڕۆک: ڕێڤین ئاودێر

ڕێنووس و هەڵچنینی زمانەوانی: نووسەر

ئەندازەی پەڕە: (١٤ × ٢١) سم

ژمارەی پەڕە: ١٦٣

## سوپاسنامە :

ئەمەی ئێستا لەبەر دەستی تۆی خوێنەرە کتێبێک نەبوو، چەند چیرۆکێکی سادەی واقیعی بوون لە ماوەی سێ ساڵدا روویاندابوو. بەڵام کۆمەڵێک دۆست و خۆشەویست دەستیانگرتم و یارمەتیان دام و ئەم رێگایەیان بەکۆتا گەیاند لەگەڵم. هەندێکیان هانیاندام و هەندێکیتریان قۆرغیان کردم کە ئەسڵی بابەتەکان باس لە قۆرغکردن دەکات و لە نووسین دووریان خستمەوە بەام لە کۆتاییدا ئەمەی لێ بەدەست هات، دەتوانم بڵێم یەکەمین و گرینگترین دەستکەوتی تەمەنی بیست ساڵیمە.

- سوپاس بۆ "ئیڤۆ"ی هاورێگام، لە نەبوونیدا تاکە هۆکارە بۆ بەردەوامیم و هەموو ئەوەی نووسراوە مۆرکێکی ئەوی پێوەنراوە.

- سوپاسی تایبەت بۆ خێزانەکەم،

- ســـوپـاس بۆ هـاوڕێی کۆچکردووم "میهرەبـان". خوشـــکی ئازیز و هاوڕێگا هەمیشـــەییەکەم، لە سەرەتای منداڵیمەوە ناوی نووسەر و شاعیری بە پاڵ ناوەکەمەوە نابوو و پەرۆشی نووسینەکانم بوو وەک ئەوە منداڵی خۆی بێتە بوون.

- ســـوپـاس بۆ هـاوڕێگـاکـانم "کـانی کـامەران" و "مەریەم وەرزێر" و "ڕێڤین ئـاودێر". بە رەخنە و ســـەرنـج و تـێـبـیـنـیەکـانـیـان هەڵـبەتە پیشـــنیارەکانیشـــیان دوای خوێندنەوەی یەکەم کتێبم و هـاوکـاریەکـانیـان. تـا ئەبەد خۆم بە قەرزاریـان دەزانم لە کـاتێکـدا نەبوون بووم ئەوان منیان هێنایە سەر ئەو دونیایە.

لەکاتێکدا هێزم نەبوو ئەوان دەســـتمیان گرت و هەڵیانســـاندمەوە. چون هیچ شـــتێک وەک ئەوە خۆش و پڕ چێژ نییە کـاتێـک پێویســـتیـت بە دەســـتێکە چەند هاوڕێگایەک لێت پەیدادەبن و یارمەتیت دەدەن.

ناکرێ ناوی یەکە بەیەکەی ئەوکەســانە بهێنم کە هاوکارم بوونە چون زۆرن و ئەوانەشی کە هاوکارم نەبوونە، بەڵام بە دڵنیاییەوە ســوپاســی هەردووک دەستە دەکەم  هەمیشە ئەوەم بیر دەبێت هانیان داوم بەردەوامبم. وشـەی سوپاس کەمە لە ئاست ئەم مرۆڤانە و قەرەبوو ناکرێنەوە نە هیچ شتێک.

لە کۆتایی سـوپاسـنامەش ئەمەوێ سـوپاسـی خۆم بـکەم بـۆ نـووســـیـن و بەردەوام بـوونـم و شــکســتنەهێنانم. وە ســوپاس بۆ تۆی خوێنەر و کات بەخشـــین بەم پەرتووکە و ئەم وشـــانەی چنیومە.

# پێشەکیەک لەبارەی نهێنیخانەوە:

بە ناوی خودای عەزیم و باڵادەست، سوپاس و ستایش بۆ میهر و بەرەکەتی هەمیشەیی ئەو و ئەو هێزە نەبڕاوەیەی پێی بەخشیوم لەپاشان ئەو دەرفەتەی بۆمی رەخساند و نزای چەند ساڵەمی لێ وەرگرتم. "نهێنیخانە"، بیرکردنەوە و دید و ژیانی ٢٠ ساڵەمە و بەردەوام هەوڵم دەدا ئەوەی لەژیان دەگوزەرێ و دەیبینم بیانخەمە روو چ راستەوخۆ یان بە ناڕاستەوخۆ.

ئەم کتێبە نووسینەوەی هەموو ئەو شتانەیە کە دیومە و درکم پێیکردوە هەڵبەتە لە باو و باپیرانمەوە تا ئەمڕۆژەی ئێستا تێیداین، بەوە دەستپێدەکات کە دەردی هەرە گەورەی مەملەکەتەکەم چییە و کاردانەوەیان بەرامبەر چییە یان باشتر بڵێم ئارامگریان لەگەڵی چۆنە؟.

دواکەوتووی بەشـــێکی زۆری هێشـــتان دەردێکی کوشـــندەیە و هۆکاری ســـەرەکی ســـەرهەڵدانی کێشـــەیە. نهێنی و خانەی خانەدانان باس ناکەم ئەمەیان لەکاتی خوێندنەوە پێی ئاشـــنا دەبن. وە نهێنی و لایەنە شاراوەکانی خانەخوێیەکی کاتیش دەدۆزنەوە کە کەس پێی نەدۆزراوەتەوە...

وشـــە بە وشـــەی لە حونجێکی ئەم خانەیە بە قۆرغکراوی و دوور لە چاوی هەمووان نوسراوە. بە چەند ژوورێکی تێدەپەریت وەک وشـــەکانی و چیرۆکەکانی و رووداو و کورتەی ژیانی هەڵبەتە نهێنیەکە خودی خۆشـــی. هەوڵمداوە کەمترین وشـــە بەکاربهێنم و زۆرترین مـانـا و نهێنی بگەیەنێت و سنوورێکی باشم بۆ دانابێت. هەموو ئەو وشانەی هەیە لێرە لە راستیەوە وەرگیراون و سالانێک قۆرغکراون و هەوڵمداوە ئازادیان بکەم.

رۆژانێـک پێموابوو من و بوونی کتێبێـک نـاوی خۆمی لەسەربێت زۆر ئەستەمە،

بەڵام ئەوە ئەو رۆژانەش هــاتــنە بــوون. ئەم رووداوانە ئەگەر چی خوێنەر تێیدا نەژیابێت بەڵام دوور بەدوور رەنگە گوێی لێیـان بووبێـت هەڵبەتە دەكرێـت خۆمـان لەنێو یەكێـك لەو خـانـانە بدۆزینەوە و هەسـت بكەین وا ئێمەش یەكێكین لەو رۆڵگێڕانانە. لێرەوە من تێڕوانین و رووداوەكان دەدەمە دەســـت خوێنەری ئازیز و خۆیان لەگەڵی پێدا بچن و بە شوێنێك بگەن. سوپاستان دەكەم بۆ ناردنەوەی هەر بۆچوون و رەخنە و پرســیارێك، یان هەر شتێكیتر.
دەتــوانــن بــۆ هەژمــاری تــۆڕی كــۆمەڵایەتــی ئینستاگرامم بینێرن:

**Lvnzkthmn**

لاڤان عزیز سعید
٢٠٢٣١٩١٢٤

**ئەم کتێبە پێشکەشە بە**

**دایکم و نەوەکەی.**

# عەشق و بێ ئاگایی

عیلم و هونەر و ئەدەب و تەکنەلۆژیـا و هتـد.. تـاوانبـارنین کە من و تۆ و ئەوان بۆ تێنـاگەین و پێشناکەوین یان عەقڵمان بە زۆر شتان ناشکێت، بەڵکو عەقلی کۆن و کلتـوورە لەنـاونەچوەکـانی کۆمەلگا و یاسا باوەکان دەردە گەورەکەن ، کوردی خۆمان گۆتەنی ئاگری بن کان.
بەردەوام بووم و لەخزمەتیدا فەرمووم:-

"ئەگەر ئـێمە بۆ ئـاسـتـی پـێشـکەوتـن و بەرزبوونەوەمـان تێکۆشـین و پەرە بە زۆر لایەن بـدەین بۆ وێنە بە کلـتوورکردنـی خوێنـدنەوەی پەرتووکان ئەوا دەتوانین درک بە هەندێک شـت بکەین کە ژیان باشتر و چاکتر لە ئێستا دەکات،

بەشکێ بەردەوام بوونمان ببێتە سەبەبی
لەنــاوچوونی کلتووره جەرگ برەکــان و کۆتــایی
پێهێنــانیــان؟!.. و هی پێش و پــاشـــی خۆمـان
تێبگەیەنین لەگەڵ ســەردەمی خۆیان بژین و رێز
لە ســـەردەمـانی دوای خۆین بگرن و وا نەزانن
دونیا لە جێی خۆی راوەستاوە.
ویستم قسە پێ بڵیم و گۆتی:-
ڕێیەکە تەســک و نالەبارە و پری کەند و نشـێوە ،
کەشـــەکەشـــی تەمـاویە و جادە خلیســـکە و
هەمووی بەســـتوە ئاگات لە رێیەکە بێت و ئەو
قســانە بۆ کەســانی دیکە هەڵگرە بێخەبەربیت لە
هەواڵەکان.
سـایەق تەکسی ویسـتی برێت باشـە بەسـەرچاو و
تەواوی نەکرد زەنگی موبایلەکی لێیدا..

ـ الو.

+لەکوێی.

ـ لە خەلیفانێم زۆرم نەمایە بگەمە جێ.

+نا..نا مەرۆ بگەڕێوە مام فەخرانی جیرانمان کچە ٢٥ ساڵانەکەی خۆیی و کوری سەباحی دراوسێیانی کوشتیە و کەس نییە تەقەتی کات وەرەوە ئەمە لە خێری خۆمان بەخۆمان تەقەتی دەکەین.

ـ بۆ چی بووە؟

+کورە چوار شانەکەی دراوسێیان چوویتە داخوازی و بابی گۆتیتی ئەتوو چاوت لە کچی من بووە و عەشق بازیتان کردیە ،هەردووکیانی کوشتیە هەردووکیش لەیەک بێ خەبەروونە.

کابرای تەکســـی تەلەفۆنەکەی داخســـتەوە و بە پرتەپرت گۆتی:-

ئای دونیا چەند سەیر بوو کەس لە کەس ناگات و کەوتینەوە زەمانی قەدیم، خوێنی کچ و کور دەڕێژرێت لەسەر عەشق و بێ ئاگایی.

ژنەی دەندوک مریشـــکانی وەک هینە زلەکەی بە دەنگە زلەکەی گۆتی: "ئـاگـات لە ڕێگـاکەبێـت باشترە"

لە دڵی خۆم گۆتم:-

شیردە لۆ داپیردە، داپیر کلکە قورە بدە.

# گلەی خانە

پشت و پێشی خۆی توند دەکاتەوە و
هەندێکیشی تێدەکات بە دەرزی و دواتریش
دەڵێت سروشتیە و خۆشی بە هەموو دونیایە نادا.

# وشە خانە

هەست بە ئازادی ناکەیت، ئەگەر قۆرغنەکرابیت.

# تەرکیز خانە

تێگەیشتن پێش هەستپێکردنە،

بینین و بیستنیش پێش تێگەیشتن.

# کورتە خانە

(خانە یەکەی بنچینەیی پێکهاتەی لەشی زیندەورە) کیژێکی لە خەون و ئامانجەکانی کراو بەم شێوەیە باسی ژیانی دەکرد بۆ خەڵکی.

# چیرۆک خانە

پاش چوار ساڵ عەشق و چاوچاوانێی بازاڕان کابرای کۆسمەتیک میزی کەفیکرد و چووە داوای کەنیشکە دڵخودازەکەی، ساڵ هات و چوو کوڕێکیان بوو و کورە گەورەبوو بە شەڕ و دمک دمکانێی ئەو دوو چۆلەکە عاشقە. لە هەموو شەڕەکیان کابرای کلاوچی دەیوت: "خانە خانەیە و هیمنە و دەرتدەکەم بەقسەم نەکەی"

-ئەرێ بابە خانە چییە؟

+ کوڕم خانە زۆر نەوعمان هەیە

_ بابه ئەوەی لەگەر داکم شـــەڕی لەســـەر دەکەن چیه؟

+کوڕی خۆم ئەو خانەیە وەختی خۆی بابت خۆی لێ بەتارکردەوە هەتا بحەســـێتەوە نەمزانی داکت پڕی دەکاتەوە و بۆنی رۆژە ڕێیەک دەڕوا.

# وشە خانە

بە بیانووی کار و کاسپی لەدەستی دەردەچی و
هەتا دەمری هەڵەیەک دەکات، دواتریش
منداڵەکانی باجەکەی دەدەن.

# تەرکیز خانە

خانە خانەیە و جێی بەتارکردنەوەی نهێنیەکانە.

# کورتە خانە

مادام باسی ئازادیە (حەتمەن) رەنگی سپی و
کۆترمان دەوێت، وانیە؟!...

تەماشای ناو کەوانەکەی بکەوە کۆتری سپی.

# دەرد خانە

وێنەی کەسێکی ئازاد بکێشە کە جوڵەیەکی
هێمن و گونجاوی هەبێت.

# قسەی پێشینان

گوێم لێبوو دەیگۆت:
یا رب العالمین بە گوناح و خراپەی ئێمە نەکەی ئەو مەر و مالآت و زەوییەی برسی نەکەی ، خودایە چەند بە رەحمی لەگەڵ ئەو ئومەتەی خۆ ئەگەر بە کاری خۆمان لەگەرمان بکەی ئێستا بەردت بۆ دەباراندین. خودایە گوناحەکانمان لەگەڵ ئەو بارانەی هەموو بسریەوە و هیدایەتمان بدەی لە شەیتانی نەعلەت لێکراو بەدوور بین، خودایە منداڵەکانمان هیدایەت بدەی نوێژ و رۆژووی بەجێبگەیەنن، لە رێگای شەیتانیان لایانبدەیت و باشە و چاکەیان بخەیە رێگا.

خودایە لە ئومەتی موحەممەد ﷺ رازی بیت و دینەکەی گەورەتر بکەیت، لەبەر خۆیەوە دوعایی دەکرد چون "دوعاکان لە کاتی باران بارین گیرادەبن".

بەبیرم هاتەوە بەمندالّی داپیرم دەیوت مندالّینە ئێوە بچوکن نزای بۆ فلانە شتی بکەن خودا وەریدەگریت. دەستم دەکرد بە دووعاکردن بۆ شتی باش کە داکیشم ئەو دوعایانەی دەکرد .

هەناسەیەك وەك بڵێی لە ئازاری روح و دڵ هەڵی بکێشیە ناو دڵ و سییەکانت هەناسەم هەڵکێشا و دەمگۆت :ئامین ....ئامین ،پەخشان خانی من.

# تەرکیز خانە

دوعا هەر دوعایە، چما وەختی خاسیشی هەیە
نەمزانیە؟!

# گلەی خانە

گوناح و پیسی ئەوەندە زۆرە دەڵێی وەڵا خودا
باشیم لۆ ناهێنێ و تاقیمدەکاتەوە!..

ئاخر هەی عەلەشیش ........

# پیرە پیاوی پەخشان خان

لەگەڵ چوونی بۆ هەر ماڵ و جێگایەك دەسـكێك لە هەموو چاوەکانی گوڵ دێنێت . هێندە عاشـقی گوڵ و باخە ، تورەبوون و پێکەنین و قسـەکردنی هەتا جل و ماندووبونی بۆنی گوڵاو و گوڵ دەدات . مەهدیسـان ئەفکار و سـیفاتی لە نازکردن و لەنجەی بەر شـنەبای بەهاران دەچێت. پیرە وەلێ هێشـتان خونچەیەکە و نەپشـکوایە، ئەوەندە بە سـام و هەیبەتە هەر لە بەهار هەتا بەهارەکەیتر ئەو خونچەیە گەورە دەبێت و دیسـان دەبێتەوە خونچە. بەس یەک عەیبی هەیە ئەویش زۆر دڕکی هەیە.

# کورت خانە

کە گۆچان لە حەیزەران بوو قەی چیە لاو
حەیزارانی بوێ،

ئەی من ئەم خەمەم لەکوێ بوو قوربان
خۆ گوڵیش بێ دڕک نابێ.

# کانی هەست

بەرێدا دەڕۆشتم و هەڵوەستەیەکم کرد...
لاوەی بێچارە قسەی بۆ دوومەترە دیواری بەرز و چڵکنی کۆنی دەکرد و سەیری ماڵی بەرامبەری دەکرد و دەیگۆت:
بڕوا بکە، ئەوم لۆ یەکبوونی ژیان ناوێت.
تەنیا بهێتە نێو دڵم و کەمێ بەو حەسرەتەوە بۆم بژی کە من وام. دیواری دولبەرم ئەوا من ئەم شار و وارە جێدێڵم و قەراری گەڕانەوەشم نەداوە پێی رابگەیەنە هاتووم بۆ دیداری ئەو.

لەبەر خۆمەوە دیسان گۆتم:
واییی برادەر ئەو خەڵکە چۆن خۆیان بە کەسێکەوە دەبەستنەوە کە هیچ هەستێکیان بۆ ئەو نییە.

# تەرکیز خانە

چەند بێخەبەرتر بیت ژیانت خۆشترە.

# خەیاڵی عەسران

لەبەر دەرگایی ناندینەکە راوەســـتا بوو و خەیاڵی ئەو رۆژانەی کردەوە کە بە دوولبەرێ خۆی دەوت:- ئەمن مـاڵەکی ئەوهـام هەبیـت خۆشـــبەختم و هەمیشـە ئاسـودەم چون هەیوانی ماڵەکەتان دڵ دەکاتەوە و روح ئاسوودە دەکات.

زەنگی موبـایلەکەی لێیـدا و زانی ئەمەشـــیـان خەیاڵبوو.

# تەرکیز خانە

بۆیە حاڵمان ئەوەندە جوانە، ئیشمان بەس گەڕان
لەناو خەیاڵانە.

# زۆری لەدڵدابوو

قەراج و حەمرینت هەروابێ ، ئەمما نە سـەفینت
رۆشـت نە دینۆت رۆشـت، نە نەورۆزت تەخت بوو
نە بانییە، نە شـار کپ و خامۆشـە نە شـاوێسـت
مەنگ و گێژە. ئەوەی وتت گشـتی خەیاڵ بوو،
دەمێکە نە وابووە نە واش دەبێ. لە هۆڵ و خۆشی
گێرانترا شـار خاڵی بوو لە ناخۆشـی. هەر ئەو دەمە
بەخشـندەیی دڵەکان تا سـەر لێوار هاتنە رژان.
نە کەف و ئـاوی تەنهـایی مـا نە خەم و دەردی
دووری، نە لەمـاڵ و ژووری بەختەوەری نەبـوو
قسـەیەك دەرهەق بە بێ هێزی نە دولبەر ما لە
حوبی مەجنونی، نە ئەوەی چوو ئـاوهـا لەبەرچوو
نە ئەوەی هات بەبێ سەبەب هات،

نه هێزی دەوێت راستیەکان نه خۆگێلی دەوێت بوون بە ساحەب مەعشوق. نە حاڵی بوون لە ناحاڵی بوون کافی نییە، نە گەشتن بە ئامانج نە ژوانی ئەبەدی لەگەڵ مەحبووب کۆتایی نییە، نە ئەوەی حاڵی چاکەکارە بەهەشتی واصلە نە ئەوەی بێ سەبەبکارە. نە ئەوە بوو لە کەسی خاوەن نەبوون هەرچی بکات ناهێتە بوون، ئەوەشی تامەزرۆی بوون بێت بە قسە ناهێتە بوون. نە ئەوە شکۆمەندە بە کەوتنە سەر عەرز نە ئەوەی کەوتوە بەعەرزا. لە هەرلا دەمی دەمداران دورابێ تیرێك هەیە بۆیان بدوێ. خاوەن ماڵ نە ئەوەندە تامەزرۆی قسەیە نە ئەوەندە گوێ بە پرژەیە. نە ماڵی بوون بە پارەیە نە شەرەف بە خوێنی کیژۆڵەیە.

# گلەی خانە

کچی ناوێ دوایش بەو قوربەسەرە پیسی کوڕی
خڕدەکاتەوە.

# دەرد خانە

زۆر هەوڵماندا، رامانکرد بۆ ئەوسەری دونیا.
هەر دۆزراینەوە، زۆر کەوتین و دەســتی یەکترمان گرت. بە هەموو هێزی خۆمـان بەرگریمـان لە خۆشەویستیمان کرد.
ئەو کەسانەی خۆشمانویستن دەستیان نەگرتین و لێکیـان کردین، لەگەڵ هەر هەســتـانەوەیەک دووبارە نـاوی یەکمان دەهێنا و هەر ئەوەش بوو بە هۆکاری بەهێزیمان.
ئێستاشـی لەگەڵ بێت هەر ئەتۆی دایکی کۆرپەی ئەولام.
رۆژی دایکانت پیرۆز جوانترین دای

- لاوێک نامەیەکی ئەوهای نووســـی بۆ دولبەرە دوورەکەی.

# هەرزەكاری

هەرزەكارەک بە دڵی پڕەوە دەیوت:

جـارجـاریش بە هەمووو زیپكە و زیوان و مووی روخسار و دەست و باسكەوە با بەوپەڕی ئازادیەوە پیاسـەیەكی ناو شـاریش بكەم. من چیم داوە لە روخســـــارەكی جوانی بێ زیپكەی پر وجوان؟ چـیـم داوە لە بـاڵایەكـی رێـک و بـاریـک؟ چیم داوە لە جلی مۆدە و دار وبەرد ؟
من ئێوە نییم!..
من كچێكم هەتـا ئەقڵم نەڵێ تەواو گوڵە ٢٠ ساڵیت و بەقەت ٦٠ ساڵی شت دەزانی ئیهتیمام بە جسمم نادەم..

جسم چ جسم لۆ کوره چاوبازەکان جوانی بکەم و خۆیان لێم بەتاڵ کەنەوە؟،
یان لەپاش مردنم لەگەڵ خۆڵ تێکەڵ بێتەوە.
نەک هەر نادەم دەیدەم بەس پێش ئەوە با کچەک بم لەناو هەزار کچان دیاربم ئەوجاکانێ و باکم بەو چاوبازە برسیانەش نییە.
سوپاس کە بەو شێوەیە خۆتت قبوڵە.
سوپاس هەموو هاوتەمەنانی خۆت لە کەیف و سەفا و سناپکردنن تۆش بۆ داهاتوویێکی باش هەوڵ دەدەیت...

-چونکە زۆر دەیانشکاندەوە لەسەر ئەو شکلەی خودا لەسەری درووستکردیە.

# مەملەکەتی من

وەرە مەملەکەتێك لە روحی نارنجی درووست بکەین، خانوو و دەریا و دارستانێکی پایزی لەچەشنی سەرەتاکانی بەهار بۆ خۆمان چاک بکەین.
ئەو هۆکارەی ئێمەی بەیەک ناساند بیانکەین بە رۆڵە و جەرگی خێزانە بچکۆلانەکەمان، وە دەتوانین هەموو ئەو مێژووە خۆش و ناخۆشەی هەمان بوو بیکەین بە پەردەیەک و پەنجەرەی ژوورەکانی پێ رووپۆش بکە نەکا بەختەوەری ئەوسامان ببینن.
لێرە لە پشتی پەردەکانیشەوە هەوڵی تێکدانی ژیانت دەدەن چ جای پەردەپۆشنەکردنی ماڵ و حالت.

هەرگیز لە ماندووبوون نەکەوین و شەوانیش بێدارانە باسی بنیادنانی کوچ کوچێکیتری مەملەکەتەکەمان بۆیەکتر دەنەخشێنین. بۆ هەموو ئەوکاتانە کە نەدەسازایین لەبنیادنانی ماڵێك، خۆمان بە بەردە لە خاچ دراوەکانی موحیبەت بۆ یەك دەنەخشێنین. لە نەسر و جوانی ئەو دارە نارنجیانە هێز کۆدەکەینەوە کە ساڵەهایی ساڵە بە رەقی تۆ و فرمێسکەکانم چێنراوە. وەرە با ئێمەش مەملەکەتێکی جوان و عاشقانەی نارنجیمان هەبێت لە چەشنێك کە هیچ کەسێ ئاوەزی بۆ نەچووبێت.

# وشە خانە

عەلەشیش هەرزەکاری بە چ تێگەشتیتە؟
خۆ هەموو چاوبازنینە.

# گلەی خانە

کەس وەک تۆ نییە،

ئەی چی ئەگەر هەرگیز بەتۆ نەگەشتم؟!.

# دەرد خانە

لە پشت سەری گۆڕی دانیشتبوو و قسەی لۆ دوو مستە خۆڵی دەکرد، دەیگۆت:

زامی کۆچت زۆر بە سوێیە
دڵ وێرانیم هەر بۆ تۆیە
دڵ خۆشم گشت ساتان
بۆنی تۆم هەیە بۆیە
بەڵام ئێستا تۆ لێم دووری
هیچ کەسێك ناکات سەبووری
دڵم بەهیچ دانامرکێ
هەر تۆی دەوێ ئەویندار
چ قەوماوە دووریت لەمن
سارێژ نابێت برینم
ئەو ئەوینە تاکەی بەبێ من
لەهەر لابێت نەیارە دۆستەکەی من

برین پێچی برینەکانم
سەراپای ئارامی گیانم
کولی ژیان بۆنی تۆ دەدات
هەناسەیە بۆ ژیانم
زرنگەی مردنت بۆ وا بە سوێی
هەبوونی کەس وەك تۆ نییە
زرنگی خرخاڵی پێکانت
ئاوازە و کۆتایی نایە
نەبوونت ڕوحی تەکاندووم
بینایی هەردوو چاوم
دڵم هێزی لێ براوە
بە ئومێدی شینت ماوم

- توومەزە برادەری نۆسـارەشـی چووبوە بەر ڕەحمەتی خودای و وڕێنەی دەکرد.

# وشە خانە

ئەم جیهانە گەورەیە هی هەموانە،

جیهانی من بچوکە و تەنها تۆیت.

# دەرد خانە

بشفڕیت تۆ ئەو کەسەیت لە شوێن هەستەکان بە
دەمارەکانما هاتوچۆتە.

# چێ بمانداتێ لۆ وی نانی
# لەسەر برنجی دادەنێین

ئەوەی دوو دەقە پێش ئێستا لەسەر شانۆ بوو و سوپاسی ئەملا و ئەولای دەکرد دەستی نغرۆ ببوو بە سوپاسنامە و خەڵاتی شایستە بەخۆی هەتا بگرە کەمیش بوو لۆی رەفیق کۆنەکی ناو دڵیمە. وەك پشتگیریەك لە ئیشەکانی ئەو ئەفەندیەی ئێستا هەیە لەوێ ئامادەبوونی خۆمم پێی راگەیاند. ئێستاکەش بیرمە، رۆژ نەبوایە برینی روحی و جەستەیم لۆ تەداوی نەکردایە، سبەینە نەبایە بالیفەکەی خۆم و خۆیم لەسەر پەنجەرە ژەنگاوی و بە قور و پر تۆزەکەی بەشەناوخۆییەکەمان لەبەرامبەر رۆژ دانەنابایە هەتا وشك ببایەوە کە شەوان لە کۆڵ و ئاهـ و

عەزابی دونیـایێمـان فرمێســـک ڕێژمـان کردبوو، هەندەك جار لۆ ئەوەی لە ناخۆشی و چەرمەسەری دونیا رزگارمان بیت خۆمان بە گۆریە ســەرەپەنجە دڵایەکـانمـان دەخـافلاند و پەنجەمـان دەردەهینـا گەلەچی پێ  پێدەکەنین..

"ئاهــ  کە زەمانەچی پڕ تام و خۆش و موحیبەت بوو بەو هەموو ئازار و بار قورســیە". لە دواییێشــدا ســاڵانە داو و دەرزی دونیـاییێمـان خڕدەکردەوە هەڵبەتە ژوورەکەی ئێمە هەژارترینیـان بوو لەو بەشــە نـاوخۆییەی لێی بووین ئەو چواردە پـازدە ســاڵەی لە بەشـــی ناوخۆیی بووین. وەلحاصــڵ هەندی ســەرەپەنجەی گۆریانمان پێ دەدووریەوە هەم دەســـت و نینۆکمـان هەم  ئەو برادەرانەی چاردەورمان لێمان بەجواب دەهاتن .

هەتــا لەبیرمە رۆژێــك لە پەلەپەلی خۆم گۆریەم دەدووریەوە دەرزی لەلایەکی پەنجەی شــەهادەم چووە ژۆرێ لەلایەکەی دی هــاتە دەرێ ئەجەلم نەهاتبوو دەنا کەس دەرزی ژەنگاوی لەدەســـتی رابچی و ژەنگەکە هەر لەنــاو پەنجەی مــابیتەوە دەژیــت؟، وە نــاخۆشـــیەکی دیکەمــان ئەوە بوو قایشە رەشی تایەمان دەدراند و دوو سێ کونمان تــێــدەکــرد هەتــا شـــەرواڵــمــان لە کەمەرمــان راوەستابایە،ئەوە شەوانیش هەر هیچ لێیگەڕێ کە تایە رەشـــمان دەکردە بەتانی و لەخۆمان لولدەدا هههههـ .

لە نەبوونی تــایە ڕەشـــیش خۆمــان چوار قەد دەکردەوە هەتا خۆمان گەرمکەینەوە و دووسێ رۆژ جــارەکــیــش لەلای پــلــکە فــاتــمــی دوو کــۆڵان ئەولاترمان دوو کەوچکە رۆنی تەنەکەمان دەهێنا و مل و پلمان تێدەنا هەتا قیچەک نەرم ببتەوە،

لەزەمانەکی وەها بێ پارە و پول بووین نە بالیفمان هەبوو نە پـارەش بۆ کرینی بەتـانیش هەر بیری لێمەکەوە، رۆژانەش نیوەژەمێکمان دەکری ئەورۆ ئەو ســێ چارێگی دەخودار ئەمن چارێگەکەی دی سبەی ئەو چارێگەك ئەمن سێ چاریگەکەی دی. کورد گۆتەنی بەس ددانمان پێدەبوو تامیشـــمان لێ نەدەکرد بەسەرچووبوون، بە هەموو ئەو چەرمە سەریانەی دیتمان رازی بووین  شکوری خودامان دەکرد هەلبەتە ئەورۆکەشـــمـان دەدیـت بەس ئەوهــالە نــاا خەرک خۆیــان بە گەورە نــاوان و هونەرمەنـدان شـــۆر کەنەوە و دوای ئەو و پێش رێزلێنــانیــان تەپ و دەهۆڵیــان بۆ لێــدەن. ئەو رەفیقەم کە قسـەی تەواو کرد نیشـانەکیان دایێ و بە ناچاری دەبی ناوی هەندەک کەســان بینیت و بەسەریاندا هەربرێت،

دەستی کرد بە سوپاس و سوپاس کاری ئەوەی کەس حیسابی تەنەکەی خۆلی لۆ ناکات هەتا ئەوەی خەڵک خۆی بۆ کردیتە خاك و خۆڵ ،دیاربوو قسەی ناو دڵی نییە و بەسەری زمانی قسەی دەکات ،دەیگۆت:

زۆر سوپاسی هەموو ئەوانە دەکەم کە پشتگیریمیان کردیە کە کاك فلان و فلان و فلان و فلان و زۆر بەڕێز خاتوون فیسار کە جەنابی خۆشیان لێرە وجودیان هەیە "لەبیرمان نەچێت خاتوو فلآنیش یەکەک بوو لەو ئافرەتانەی رۆژێ هەزار بوختان و ناوەتۆرەی بۆ ئەو رەفیقەم دروست دەکرد و حیسابی پەرەپوشکەی بۆ ئەو برادەرەم نەدەکرد و بە مارمیلکەی جامیعەکەمان ناساندبووی ئەورۆش هاتیە بۆ خاتری یەک ناو هینان چەپلەی بێ شەرمی لۆ لێدەدات...بەوشێوەیە.

قسـەی تەواو بوو و هاتەوە کنم دانیشـت بە پرتە پرت گۆتـی: ئینسـانەك تا ئێسـتا رێگایەك چ خۆڵ بێت چ پرتاسـە و قیر بێت لەو کوردسـتانەی پێمی نیشـــان نەدایە هەتا بگرە ئەمنیان خنکاندیە لەناو نـزای خـراپ و خـراپەکـاری ئـێســـتـاش بەبیـرم دەیننەوە ئەمەش هەین ناومان بینە. دڵم دایەوە و گۆتم:-

برا کەتینەتە زەمانەکی چێ بمانداتێ لۆ وی نانی لەسەر برنجی دادەنێین.

# کورتە خانە

ئەو پەلە پەلەت لە چیە بەهەشت لەجێی خۆیتی.

# گشتیان رۆژێک تێدەپەڕێت

لە قوڵایی دڵتەوە درک بەمە بکە، تاقیکردنەوەکانی پەروەرێن جیان و بۆ کەسی جیان. هەموو تاقیکردنەوەیەک نیعمەتی خۆیی تێدایە و فراوانی و پاداشتەکی باشتری لەدوادادێت... ئەمەش تێ دەپەرێت ئەگەر لەناو ناخۆشیت. هەر ناڕەحەتیەک و ناخۆشیەک ئێستا هەتە وە ئەوەی بەتەمای هاتنە، دڵنیابە ئاسانیەکی لەدواوەیە بۆ کارێکی زۆر قورس. هەر تاقیکردنەوەیەک لەلایەن پەروەرێنتەوە هاتبێت هاوەڵیت دەکات بۆ بەخشین و خۆشی دوای خۆی. هەموو ئەوە لە رابردوو هات تێپەری و ئەوەی ئێستاش هەیە تێدەپەرێت، ئەوەی لە موستەقبەلیس دێت تێدەپەڕیت.

# هەرزەکاری

کە گەورە بووین و ئەزانین، ڕووخسار و ڕوکاری زۆرێ لە کەسەکان هەڵخەڵەتێنەرن. هەر شتێ بریسکەی هات، نابێ ئاڵتوون بێ. زۆرێ لە وەڵامەکانمان ئەوەیە کە دەڵێین "خودا چاکی بکات". ئەزانین چۆن لێبووردە بین و بە دوای تۆڵەدا نەگەڕێین. چاک ئەزانین خۆمان بدەین لە گێلی. فێربووین کە نابێ ئەوەنە چاو لە دەستی کەسانی تر بین و هیوامان بە کەسدا هەڵنەواسین..! تەنها خودامان بەسە. تەنها خۆمان باشترین هاوڕێی خۆمانین.

بای ئەوەندە گەورە بووین کە بە سـادەترین شـت دڵمان تەنگ نەبێت و بە هۆکارەکی بچووکیش بێت دڵمان خۆشبێت.

کەسـێ بە عەقڵمان پێبکەنێ و بە گێلیشـمان بزانێ، ئەڵێین:

قەینا، توخودا با هەر وا بزانێ، کە فەقیرین

سوودی چیە بزانێ ئێمەش لە دنیا حاڵیین.

# تەرکیز خانە

بەتەمای لە دین هەڵگەڕێیێتەوە و خۆشیش
بژیت؟!

# گلەی خانە

خانەخوێ خودا چاکی دەکات، بەس لەتۆ حەرەکەک لەخودای بەرەکەت.

بەتەمایت بێتە پێشت؟!

# دەرد خانە

ئیتر تاقەتی عەشـــق و غرامیاتمان نەماوە، ئەگەر بشــبین لێی رادەکەین، هەر بە نموونە ســەیرێکی ئەم مەملەکەتە بکەن ڕۆژگار خۆی ڕاستی شتەکان ئەسەلمێنێ..!

کچێک لەسەر نووسین تۆمەتی عەشقی بە پاڵەوە دەنێن.!

کچێکی لەســـەر کـارکردن تۆمەتی چـاوبـازی بە پاڵەوە دەنێن.!

ئەوەنـدە لە تـاقەتیـان بردووین، زۆر جـار تـاقەتی بیرکردنەوەشمان نامێنێ،

نە قســەیەک هەیە بۆ وتن، نە دەتوانین هیچیش بڵێین، ئەو عەشق و غەرامیاتەی باس دەکرێت

ئەسـڵ نییە و هەوەسـبازیە، عەشـقی ئەسـڵیش کەس ئامادەی بوونی نییە،

ئەوەندە لە تاقەتیان بردووین.!

خوا خوامانە کەس باسـی عەشـق نەکات، چیرۆکی پەمەیی و خۆشمان بۆ باس نەکات...

نە باس دەکرێت عەشق چییە نە دەبینرێت عەشق چییە.!

هەموو ناشرینیەکیش هەر تۆمەتبار عەشقە..!

خۆ ئەگەر قسەشمان بۆ بکەن هەر لە هەوەسبازی دەرناچێ...

بەبێ دەنگی لێرە عاشق بە و دڵخۆشبە!...

ئیتر عەشق ئاوایە یان ئەبێ بێدەنگ بی و بە ناو و ناتۆر بنووسی، یان ئەبێ ئەبێ عەشقت بخەیتە ژێر گۆر و نەنووسیت.

# تەرکیز خانە

چەند لەسەرخۆ گەورە بووین! و هەموو شتەکان
وەکو خۆی بەڕێ رۆشتن.

# گلەی خانە

لەسەر دیوارەکی چرکن لە گەرەکی هەولێر وەها نووسرابوو..

"سەر سینەت ماڵی من نەبێت، هەناسەدانت لە چیە؟"

# لێکترازان

چەند لەسەرخۆ لێک کراین..!

ئێستا ئەوەندە دوورین لە جەستە و نزیک لە روح

ئێســـتا ئەوەنە درۆمان لەگەڵ کرا و دەســـتمان لە دەســـتی یەک دەرهێنرا، کە چیتر نە بەدوای هاوژین دەگەڕێین نە بەدوای هاوڕێگا..!!

تەنانەت، نامەوێ بزانن تۆشـــم خۆشـــویســـتوە و تۆش منت خۆشـــویســـتوە، چ جای بگات بەوەی بەڵێنمان یەک بوو!

ئەوەنە لێککراین، ئیتر هیچ لەلام گرنـگ نیە، کە چەند ســاڵ لەســەریەک، هەمان ئازارم چەشــت..! هەمان پەشیمانی و هەمان نەخۆشی..!

هێنـدە بە ئـازار لێککراین ئیتر لەجێی ئەوەی لە ئەوان بترسین، ئەبێ لەخۆمان بترسین!

بترســـین کە تـا قیـامەتی خودا نەمن بۆ کەس نە تۆش بۆکەس..!

نە ١٠ڕۆژ ژیابین نە ٦ساڵ ئازارمان چەشتبێت..!

ئەبێ لە هەموو شت بترسین..!

ئێسـتا ئەبێ بەبێ دەنگی ئازاری خۆمان بخۆینەوە و چاوەڕێی ئۆکتۆبەر و نۆڤێمبەر بین تەمەنی نوێ لەخۆمان بە ئازاری نوێوە پیرۆز بکەین..

# وشە خانە

عەشق دوو پەڕ و قەڵەمەکە.

# گلەیی خانە

ئێمە بردمانەوە، بەڵام تۆ بەجیا و منیش بەجیا
دوور لەیەکتر و لە چاوی یەکتر.

# کورتە خانە

ئارامی ئەوە نییە تۆ بەتەنها بیت و سـنوورێکی ئێجگار بەهێز لەگەڵ دەوروبەرت دروست بکەیت و خۆت بخەیتە نێو چوار دیوار ..!

بە بیانووی ئەوەی "گەر لەگەر ئەوان بم دەگریم، دەرووخێم، دەشکێم، ئازاردەدرێم"....

نااا هەرگیز ئاسـوودەی ئەوە نییە ، ئارامی و ئاسوودەی و سەقامگیری ژیانت ئەو کاتە دەست دەکەوێت کاتەک بە هەموو بونتەوە کەسـێکت هەیە هەمان رێگات لەگەڵ دەبڕێ بەبێ ئەوەی بزانێ چی دێتە پێشـتان یان چی دەگوزەرێ لە داهاتوودا..!

ئاسوودەی و ئارامی ئەوەیە گەرچی بە هەموو ئەو شــتانەی تێیپەڕیویت بەس هێشــتان جیاوازتر و جوانتر و خۆشەویستتر دەردەکەویت....

گەشبینی ئارامییە..

گــوێ نەدان بە بەردە ڕەق و بەهــێــزەکــانــی گۆمەڵگاکەت ئارامییە...

بەهـێـزبـوونـت ئـارامـیـیە... گـورەبـامـیەبـوونـت ئارامییە... باوەربەخۆبوونت ئارامییە...

تێگەشــتیت ئەمە ئارامی و ئاســوودەییە لە دیدی منەوە

ئەدی ئەتوو؟

# وشە خانە

ئەگەر بەڕاستی ژیانت خۆشبوێت لە هەموو شوێنێک جوانی دەدۆزیتەوە..

وە ئەگەر جوانیت دۆزیەوە لە چێژ و مانای ژیان تێدەگەیت .

# چیرۆک خانە

لەپاش قەرنەک لە عاشــقاتی و ئەولا وئەولا ماڵی بـاوکی پێیـان زانی و دوو هەفتەی پێنەچوو کچە بە پەرەمێزی ســوتا. ئێوە واز لەوەی بینن بەختی لەوەی نەبوو لە شــەڕی داعەشـــی تۆپەک لەولا راهات و بە گۆڕی کەت ئەویشی وەک ژیانی تەفت و تونا کرد. چێشـکەیەکیش کە چەند سـاڵە پوش و پەراشـــی ســـەر گۆڕی خردەکردەوە لۆ هێلانەی خۆی گۆتـی:

وای کچی بێبەخت خۆشـیت لەناو قەبریش نەبوو بەس قیـامەتـت خۆش دەبیـت. چەنـد گونـاحیـت کەس خۆی لەو دوو مستە خۆڵەت ناکاتە ساحێب و لۆت خربکاتەوە.

# گلەی خانە

دەڵێن کچ بەختی لەدایکی دەچێت،

ئەی ئەوەی هەر نەیدیتبێت چی؟

# کورت خانە

زمانی دەڵێیی هی ماری کوبرایە، نە ڕێزی دایک و باب نە خزم و کەس و دۆســـت و نزیکی دەزانی. لەولایەش هەفــتەی دووجــار بەردەبــتەوە و لەخۆدەچیت مانگی دوجاریش دکتۆری دەروونی دەبینی و دەبی توند بکرێتەوە. لە دڵی خۆم هەموو جــارێ کە دەیبینم دەرێم وای برادەر ئەوە مــاری کوبرایە ئەوهایە ئەگەر شتیکە بیت چۆن دەبیت.

# گلەی خانە

لەسەر حیسابی "من راستگۆم و پشت و پێشم یەکە" دڵی زۆر کەسی شکاند و ماڵی زۆر کەسانیشی تێکدا. دوایش گلەیی لە بەخت و نەخۆشی هەناوی دەکات.

# کورت خانە

هەڵە پەروەردە نەکـراویـن، ئەوان بـۆ خـۆیـان ویسـتیەوە و بە ئێمەی دەدەن. وادەزانن منداڵین و گەورەدەبین. سـەردەمەکە تەواو گۆڕاوە و دەبێت بـاش لێی بزانی، ئەگەرنـا منـداڵخسـتنەوە و سەرئێشەت لەچییە؟!.

# دەرد خانە

دانیشتبوو خەمی عەشق و جەرگ سوتانی خۆی بۆ دەستەخوشکی باسدەکرد بە فرمێسک و هەنسکان! ئاخانی هەڵدەکێشا و سینەی پڕی زام و ئازاربوو. شەویش دەستەخوشکەکەی دادەنیشت و بە دزیماڵێیان دەینووسی و دەیخیندەوە، لەبەردەم خۆیەوە دەیوت:

خۆزگە هەر عەشق با، لێرە هەموویان دژی عەشقن بەڵام ئەی خوێندن و لەسەرپێی وەستانی خۆم چی؟.. ئەوەش گوناهە لە ئاینەکەم؟!"

# وشە خانە

چەند سەیرە هەر یەکە و دەردێکی هەیە و دەردی
کەسیشی پێ ناخۆشتر و دژوارتر نییە لە هی
خۆی..

# گلەی خانە

لە ئاین تێنەگەشتوون، مەگەرنا هەموو رۆژ چیرۆکێکی دووبارە و رشتنی خوێن و مەسەلەی زەرەر و ئیفلاسمان گوێ لێنەدەبوو.

# تەرکیز خانە

سبەی هەتا ئێوارە دڕکەک بیت گوڵەکانت هەڵوەرێنی و ئەولا و ئەولای بکەی چیە؟ وەڵا دەبی پیاو ئەوهابیت و شەویش نەرم نەرم خۆت داوەشێنی لۆ مەیمونەکی سەر بە رشک و ئەسپێ و ژیانی بە بریقەی پێنیشانبدەیت، ئەوجارە چیە؟ وەڵا پیاو نابی بە ئاشکرا مونەرمی بکات لۆ مێ!...

دیسان سبەی هەتا هێوارێ دانیشی و ژیانی خەرکی تێکدەی و سیحر و سیحربازی بکەیت و خەرکی داکەوێنیت، چیە؟ وەلا دەمەوێت بەخۆم لە سەروتربم لەوان...

ئەوە بە حیساب داهێنانیشت کردیە؟

# دەرد خانە

چەند چارە رەشــە ئەو ژنەی ســبەی هەتا ئێوارێ ئیش دەکات و شەویش مێرد و برا و باب حیسابی هیچی لۆنـاکەن، ئەگەریش ئـاشــەکەیـان بەدڵ نەبیت بەسـەر سـەریدادەکەن و دونیای لێ وێران دەکەن...

ئەدی ئەگەر مووی تێدابیت؟!..

**" إنا لله وإنا إليه راجعون "**

# وشە خانە

ژیان بێبەریە لەوەی چیت بەسەر دێت ونایەت،
ئاقڵبە و جوان بژی.

# چیرۆک خانە

لە بوارەکە پەڕیەوە و ئـاوڕێکی لە ڕێگـای پشـــتە خۆی دایەوە، وەک بڵێی دوا خوداحـافیزی لەو ڕێگاوبانانە بکات کە سـاڵانیکە ئەسـبابی یەکەمی قۆرغکراوی ئەم بوونە. شـەماڵ هەڵیکرد و ئەویش لەگەڵی هەڵیکردە هەنسک و گریانان، بەردەوامبوو لە دوورکەوتنەوەی لەگەڵیشـیدا شـەماڵ هەڵیکردە هوڕەیەکی گەرم خەریکبوو دەموچاوی وەک ژیانی هەڵـپڕوکـێنـێ. چـاوەکـانـی بە هەردووک لەپـی داپۆشـــی و لە گۆشـــەی هەردوکلایدا تێیهەڵکردە پەشیمانی نەکا ئەویش بەدەردی ئەو بچێت...!

# تەرکیز خانە

پێم وایە هەرگیز بەو قۆناغەدا نەڕۆشـــتووم، بەڵام بەردەوامم و بەردەوامیش دەبم لە پەیـداکردنی زیاتر لەوەی کە گەرەکمە و لە ئاوەزما هەتووچونی پێدەکەم. هەڵبەتە هۆکاری زۆر هەن بەڵام وەک دۆستی ئەوەڵینم گوتەنی-:

“وەک ئەوەی دەیـزانـم رۆژێـک بەو خـۆمە هەمیشـەییە دەگەم و لێوڕێژ دەبم لە عەشـــق و شادی”

# وشە خانە

پارەکانت ناتکەن بە سەرکردە،

ئەوان ئەتکەن بە کۆیلە.

# چیرۆک خانە

بە دەستێکی خاڵیەوە هاتوویت و بەدەستێکی خاڵیەوە دەرۆیت.

ئەو خۆهەڵکێشانەت لەچیە.

# گڵەی خانە

هەر کاتێک کە بۆ مەحبووبی دڵ دەنووسێ
ترسەک هەر لە توکی سەری هەتا نینۆکی پێی
دادەگرێت، تومەزە ئەگەر باوک و برای بزانن
ئەویش دەچیتە ڕێزی نەمران.

# مەملەکەت

کیژێکم دیت پەیامی یاخیبوونبوو، دایکێکیش پەیامی هەمیشەییە و هاوڕێگاکەشی پشتی داچەمیە. هەرچیم دیت لەناو ئازار خانەکەی تلایتەوە چونکە ئەو مەملەکەتە پێویستە وابێت.

شتانێکیتریشم بینی با ئەوانیش بڵێم

قەفەزێکی بێدەرگا و چۆلەکەیەکی ترسێنراو

کەلەشێکی قۆرغکراو و بێ خەبەر لە هەناسەدانی.

# وشە خانە

خۆبەوەی نیە، هەر شوێنێک تۆی لێ نەبێت

رووناکی بەخۆیەوە نابینێت .

# وشە خانە

ئەوان هێزی ئەژنۆی و سەرمایەی دووەمینی منن.

# تەرکیز خانە

هەندێک کات زۆر ســەختە نەبوونی راســتیەکان قبوڵبکەیت و خۆت لەگەل ئـازارێـک بژیەنیت کە چـاوەروانـت نەدەکرد. ئەو ڕۆژانەی دەتویســـــت تێیـانـدا بژیـت ئیتر بوونی نـامێنیـت دەبێتە مۆتەکەی ژیانت. لەکۆتایشدا لە پشتی شانۆکانەوە سێری دیوە راستیەکەی بکەیت و بۆی بژیت.

بە کورتی واتـا خۆت هەڵخەڵەتێنی رۆژێـک دێـت گشتیان بەدی دێت.

# گلەی خانە

خۆسەویستیت نەبوایە، هەرگیز نەمدەتوانی
بەباڵی شکاوەوە ڕێگا بەڕێبکەم.

# تەرکیز خانە

خاڵێک کۆتایی تۆ نەبێت ناینووسم باشی،

چاڵێک تێیکەوتی مەیخۆوە ئاوی.

# وشه خانه

یەکەم ژانی لەدایکبوون خۆرهەڵاتنه.

# چیرۆک خانە

بەیـانی لەگەڵ خۆرهەڵاتن ژانی دەگرت و بەملا و ئەولا دەکەوت، وەک بڵیی شـتێکی لێ ونبووبێت و لەم سـەری دونیا تا ئەوسـەری دونیا دەگەرا، بۆ چیش؟ عیلم و فێربوون بەبی مـانـدووبونیش!.. ئـاخـر ئەمە چۆن دەبـێـت مەگەر بەراســـتـی هەرزەکارێک عاشقی خوێندن و فێربوون نەبێت؟

هەرزەکارێکی بە وزە و چالاک نەبێت؟

# گلەی خانە

لە یـادی ٢٢ســـــاڵەی تەمەنی دوای قەرنێـک لە قۆرغبوونی فەرمووی:

ســەرەڕای هەموو شــتێک ناســینی تۆ جوانترین ڕووداوی پازدە ســـاڵی ژیانم بوو کە تا ئێســـتاش ئاهی لە دڵمدا جێهێشتووە.

# وشه خانه

وە یەکەم ژانی مردنیش خۆرئاوابوونە.

# کورت خانە

ماڵە تورکەک دراوســـێمانن، هەر لە ریزی خۆمان قـیـچەک ئەولاتـر ئەوە چەنـد جـارە تەکـلـیـفـی چـاوچـاوانێ لە کچە کوردەکی دەکـات و کچەکە ڕازی نابیت.

ئێ هەی عەلەشیش ئەتوو چیژە کورد؟

خۆ دەزانن ئەو عەلەشیشانە کوو کوردی دەبوغزێنن و کوشـــتـارکـایـان نـاو دەکەن ئەوجە چیژە کوو رازیدەبێت!..

- دوو کچ باسـی ئەو ڕەفزانەیان دەکرد کە دایتیانە کوری خەرکی و ئەوەش ڕەفزی کچێکیان بوو.

# شەهوەت و کور و کەڵوە شەکر!..

هێندە مەراق و برسی کچە هەموو شوێنکەوتوو و قسە ونامە وگەرانەکانی ناو موبایلی رەسم و گرتەی کیژی لاو وهەرزەکارە س*زانیەکانە. دەبوو کوڕی سەردەمی قەدیم و کەنیزەبا ئەوەندە بە زەوق و مەوقە، لەولاشەوە کیژێکی بە ئیمان وحیساب و تەقوا ئەو سەرسەریەی کەتبووە بەردری..

ئاخر ماڵتئاوابی حاجی ئەوە هین بوو لەسەری هەرنیشتی ئەتوو؟

# وشە خانە

ئەو چێژەی هەتـا دوێنێ دەیگۆت مـاڵ و زێڕ و خانی و تڕومبێل هیچ نییە ئەگەر هاوســەرەکی بـاشـــت هەبێت، ئەمڕۆ خەســوو ومێردی لێی هەرگەڕاینەوە و دەڵێن ئەتو حەز لەمێردبوویـت و دیـارە شـــتەکت کردبوو گەرنـا بە ڕووت وقووتی خۆتدا بە مێرد و منداریشت نابێت!..

# کورت خانە

ئەگەر دەتەوێت بەساڵێک ببیتە خاوەن کۆشک و سەیارەی دەرەجە یەک و گەشت و خۆشی، یان ببە پارێزەر یان ببە چارەسەرکار.

# تەرکیز خانه

چونکه ئەورۆ دەیبینی و سبەی دەیخوازی، تەڵاق خانەکانمان پێش دەرگاشی جێگای راوەستانی نییه.

# گلەی خانە

ئاخ وداخ لەدەســـت دووڕووو و چەرچیەکان ڕۆژی گورکن لۆ گیانی خەڵکی و شـــەوانیش هەر گورگ لۆ گیانی ژن ماڵ و منداڵیان، ڕۆژێ پێنج جەمەش لە دیسکۆی مەخسـەدم لە مەزگەوتێ پێشـنوێژی بۆ خەڵکی دەکات وسێ حەجیشـی کردیە. حاجی چ حاجی سونەتی چوار ژنیشی بەجێگەیاندیە.

# گلەی خانە

ریز ریز خۆیان خاوێنکردیتەوە لە چڵک وگوناحی دنیای و راوەستاینە لەدوای مەلاوە نوێژی دەکەن و لەخودای داواکارن لە پردی سیراتێ بیانپەڕێنیتەوە ولەولایەش تورومبێلەکانیان جادەی عامی قەپات کردیە.

یەک دەقە با تێبگەم ئەوانە داوای بەهەشتیش دەکەن؟!

# وشە خانە

ئیزرایل لەکوێی ئەو خەڵکە لەدەست دەرچووە
هەندێك ئاقڵیانکە.

# وشە خانە

لەدڵیدا مردوی و چیدی باســـت ناکات تۆش برۆ سـەرەخۆشـــی لێبکە و دومســـتی لێدە بابێتە تەنیشـــت تۆ، مادام تۆ نەبووی بە ماڵی با نەبیت بە ماڵی کەسیش.

- کچێک وەهای بە دەستەخوشکەکەی دەوت.

# وشە خانە

بڕبڕەی پشتی ژیانتە

"گەشبینیەکەت"

# دەرد خانه

دەیگۆ کچە هەرزەکارە و لە تـایپی من نییە لۆیە پێی رازی نیم.

-چی چی تاپی چیە؟

+تایپ کاکە تایپ یەعنی بەدڵم نییە و خۆشـم ناوێت وەکوو خوشکمە.

-وەڵا بابە هەر ئەوە مابوو تاپ و ماپ.

-کاکە تـاپ نـا تـایپ بە ی ت-ا-ی-پ پیتی ی هەیە لە بەینی ئا و پ.

-کورە دەلاکۆ کوری خۆم لاکۆ کوو شـوناسـی کوردیتان تێکدایە لەگەر ئەو ئینگلیزە کافرانە هەر ئەوەندەش بزانە ئەنگۆش تێک چوون.

# وشە خانە

چەند ناشرینە لەجێی برێی سوکەژەم برێی سناک
و مناک.

# کورت خانه

کابرای سایەق تەکسی ژنەکی عەرەبی هەڵگرت و ئەو باس ئەوباس هاتنە سەر ماڵ ومنداڵان.

-ئەرێوەڵا چ بکەین ژیان ئەوهایە و پێنج مندارم هەیە گەورەکە ناوی ئارامە و...

ژنە قسەی بڕی گۆتی :"ئێ خۆش زین زین"

-گچکەکەش ناوی عەلیە و...

دیسان گۆتی" حفیە حەفیە تەمەن درێز بیت کاکا علی" بە زمانە سەقەتەکەیان.

-ئەویدیش ناوی عومەرە. ژنەی بێ ئیمان دەنگی لێوەنەهات تومەزە شیعەیە و لە دڵی خۆم گۆتم قەیران و نیوە مەعاش نەبا لێرە بە تیتکان دەمهینایە خوارێ.

# دەرد خانە

خودا هەموومانی یەکسان دروست کردیە،

ئەو کۆمەڵ کۆمەڵە چیە کۆبووینەوە و لەویدی دەدەن؟

# وشە خانە

چونکە کچ بوو نەیانهێشت بچیتە خیندنێ.

# دەرد خانە

دەستی بەسەری پشیلەکەی دادەهێنا و قسەی بۆ دەکرد، گۆتی: کورەکم ناسی و بووینە لێوئاڵی یەک. دە رۆژی پێچوو (جێگری داکم) زانی و تا ئێستا بە زۆری هەناسەم پێدەدرێت. دەی لە وشەی بەینی دوو کەوانەکە تێبگە!

# کورت خانه

کابرا ئیمانی به قســەی جوان و رازانەوەی نییه و لەولاڕا کەسەک دێت دەڵێت:

ئەگەر بتەوێت ئەتوانیت.

کا لاکۆ کوری نازانم چێ لۆ نازانی ئێره چێندەره؟

+ نا چێندەره

-قەشمەری دەکەی؟

+ناوەڵا...

- کوردستانه کوردستان باشتر برێم گۆرستانه.

# وشە خانە

خۆت هۆکاری دڵخۆشی  خۆتی .

دەزانم لەگەر قاوشـــی پێشـــی ناگونجێ بەس جێ مەدێ ئێرە کوردستانە بە پێخواسی بەناوکەوە.

# کورت خانە

بەباشی ئاگات لەخۆت بیت، چونکە تۆ هیوا و
ئومێدی داهاتووی خێزانەکەتیت.

# تەرکیز خانە

تەمەنی ١٥-٢٥ واتا دەســتپێکردن بە ئیشــکردن لەسەر خەونە (بەناو) سەقەتەکانت و سەرکەوتن تێیدا.

هەر ئەو تەمەنە موبـارەکە هی ئەوەیە وردە وردە خۆت بناسی و دەورووبەریشت بناسی.!

مەگەر لە رابواردن و خۆشــی بینینی زۆر چیـت دەست دەکەوێت؟!

ئەوجە ئەو تەمەنە هی زۆر شت نییە گورەکانم

تەمەن تەمەنی هەوڵدان و فێربوون و گەشەکردنە..

پەندەکی کوردی هەیە دەڵێ " مریشکە رەشە گەمە دەمەک و دوو خۆشە"

# چیرۆک خانە

با خۆت بۆخۆت بیر لە خۆت بکەیتەوە..

تەنها لەپێناو خۆت و بەس..!

# تەرکیز خانە

باڵاپۆشی بۆ مرۆڤێکی فریشتەئاسا نییە..!

باڵاپۆشی بۆ مرۆڤێکی نا کامڵ و جوانخواست و ئارامی دۆستە...

بۆ ئەوانەیە کە بەردەوام دەڵێن هەموو رۆژێک نزیکترین لە خالقمان و نزیکترین لە ئارامی و ئاسوودەیی و خۆشی ژیانمان. بۆ ئەوانەیە دەیانەوێت رۆژ بەرۆژ بەرزتر و پر بەرەکەتربن.

بۆ ئەوانەی هەوڵێکی ئێجگار زۆر دەدەن و خوداش دەیان بینێت و بە مەخڵوقە لێرازیوەکانی خۆی داناون..

باڵاپۆشـــی بۆ ئەو مرۆڤانەیە  کە هیچ کردەوەیەک بە بچووک و کەم بـایەخ نـازانن و حوکمی هیچ چاکە و خراپەیەکیش نادەن..

باڵاپۆشـێکی راسـتی ئەو گوێڕایەڵیکردنەیە کە خودا قبووڵیتی هەر داوایەک بکات..

باڵاپۆشـــی بۆ مرۆڤێکی فریشـــتە ئاســـا نییە بۆ مرۆڤێکی ناکامڵ و خوداترس و باشخواستە...

# تەرکیز خانە

بۆیە شکست دەهێنیت چونکە ناتوانیت ئەوەی دەتەوێت بەرامبەری بدەیت و هەوڵی بۆ بدەیت،

نرخ بە ئامانجەکەت بدە وەک فرۆشیار و خۆشت کڕیاری بە...

ئایا ئامانجەکەت بە چەند دەکڕیت؟.!

## وشە خانە

بەرهەمداربوون وەک ماسولکە وایە..!

# چیرۆک خانە

لێککراین و تێگەشتین

قســە و چیرۆکەکانیان هەمووی بۆ هەڵخەڵەتاندن بوون، بۆ لێککردن بووا!..

تێگەشتین!..

نە تۆ رۆشــتوویتە هەندەران و نە منیش بە ماڵ و مێرد..!

تێگەشتین زۆرێ لە وەڵامەکانیان بۆمان

"بۆیەک گونجاو نیین!

خودا نەیکردە قسمەت..!

بەختەوەر نابن"..!

بەڵام ئـێســـتـاش کە ئەزانـیـن گـونـجـاویـن و بەختەوەردەبووین قسمەتەکەش بەدەست خودایە کە دەبێت یان نا..!

ئەزانین کە لە ئـاســـتی یەکـدا بێـدەنـگ کراین، ئازاردراین..

تێگەشتین کە نەدەبوو بەدوای یەکدا نەگەڕێین.!

نەدەبوو بێدەنگ بکرێین.!

ئێســـتا ئەزانین چاک ئەزانین خۆمان بدەین لە گێلی!

نە من مەیلی کەســێکیتر نەتۆش هــاوخەمی کەسێکیتر..!

فێربووین من لە هەنـاوی تۆ و تۆش لە هەنـاوی من..

تێگەشـــتین هیوا و خەونەکـانمـان بەو دیوارە چڵکنانە هەڵواسین کە وتیان" ئەم ماڵە خۆشی بۆ ئێوە تێدا نییە.."

بەڵام موهیمتریش تێگەشـــین لە بێیەکی تەنها خودامان بەسە!

تەنها خۆمان باشـــترین هاوڕێگای خۆمانین لە بێیەکی.!

بایی ئەوە تێگەشتین.. ؛

کە بە سادەترین شت، ئێمەیان لەیەک کردا!..

بە هۆکاری بچوکیش، بەیەک ناگەینەوە!..

ئێستا تێدەگەین..

کەسێ بە عەقڵمان پێبکەنێ بە گێلیشمان دەزانێ، بەڵام بە چیرۆکمان نازانێ.!

قەینــا، توخودا بــا هەر وا بزانێ، کە بێ یەکین و لەیەک کراوین!

سوودی چیە بزانێ ئێمە لە دڵی یەکا ماوین!

ئەوەنە ئەوەنــدە تێگەشـــتین ئیتر متمــانەمــان بەکەس نەبێ.

ئـــــــای...

# تەرکیز خانە

ئیشی مار پێوەدانە..

یان ئەوەتا قبوڵت بێت پێتەوە بدات یان ئەوەتا لەو شوێنە مەمێنە..

کەسەکانیش هەمان سیفاتیان هەیە..

ئەگەر دوورنەکەویتەوە لێیان و ناوچەیەکی ئەمان بۆخۆت دروست نەکەیت پێتەوەدەدەن و ژەهراویت دەکەن.

# وشه خانه

چەند لەسەرخۆ لێککراین.

# دەرد خانە

چەند لەسەرخۆ گەورەش بووین!

ئێستا ئەوەنە گەورە بووین،کە چیتر بە دوای هاوڕێی نوێدا ناگەڕێین!

تەنانەت، نامانەوێ بزانین کێ خۆشی ئەوێین و کێمان خۆش ئەوێ!

ئەوەنە گەورەبووین، ئیتر هیچ لامان گرنگ نیە، کە چەند ڕۆژ لەسەریەک، هەمان پۆشاک بپۆشین!

هێندە گەورەبووین ئیتر لەجێی ئەوەی لە گەورەکانمان بترسین،

ئەبێ خەمیان لێ بخۆین!

# چیرۆک خانە

ئـارام بوو....ئەو پیرە پیـاوەی هەموو تەمەنی لە زوو هەلچوون و قسەی بەرز سەرف کردبوو ،ئەمرۆ ئـارام ئـارام بوو. وەك ئەوە وابوو بڵێـت بـا تۆڵەی هەموو هەڵچوون و بێ باکییەکانم بسـەنم و بۆ جارێکیش بێت بەرووی کۆرپەکانم پێبکەنم. بێ خەبەر لە خەبەران ئەو دەردەی تـووشـی مەملەکەتێك هاتوە توشـی ئەویش هاتوە. ترس رووی هـاوژین و شـاژن و پاشـاکانی تەنیبوو، یەکێك ترسـی توشـهاتنی بوو یەکێتر ترسـی لەدەسـت چوونی بوو، هەر تاکێ و غەمێ بەرۆکی گرتـبوو، هەرچی غەمە بەلاوە نرابوو تـاکە غەم نەخۆشـی پیرە پیاو بوو، لەکۆتایی دەیزانی یان بۆی دەمێنێتەوە یـاخود ئەو ئـاسـمـانە لێی دەسـتێنێـت کە مەحبووبی کۆپەی بچوکیەتی ئەگەری سێهەمیش لە ئارادا نییە....

# چیرۆک خانە

ئیتر تاقەتی مناقەشـــە و شـــتمان نەماوە، ئەگەر لەســەر حەقیش بین، هەر ســەر ڕائەوەشـێنین و ئەڵێین:

ڕۆژگار خۆی ڕاستی شتەکان ئەسەلمێنێ!

ئەوەنە گەورەبووین،زۆر جار تاقەتی قسەمان نیە و ناشتواین تا سەر گوێ لە قسە و چیرۆکی کەسێک بگرین کە باسی شتێکمان بۆ ئەکا..

خوا خوامانە زوو تەواوی کات!

ئەگەر قســـەشـــمـــان پێ بڵێن، تــاقەتی جواب دانەوەمــان نەمــاوە و بە کزی برینەکــانمــان بە خۆمان چارەسەر دەکەین!

ئیتر پیر بووین!..

بە بێدەنگی، دڵخۆشی دەرئەبڕین!..

بە بێدەنگی ئەگرین!..

پێکەنینمان، بە خەندەیەکە و وەک جاران بە قاقا پێناکەنین!

قسەی خۆش و نوکتە، زۆر نامانهێنێتە پێکەنین!

ناتوانین ئیتر، گاڵتە بە کەسی تر بکەین!

گەورە بووین و ئەزانین:

ڕووخسار و ڕوکاری زۆرێ لە کەسەکان، هەڵخەڵەتێنەرن، هەر شتێ بریسکەی هات، نابێ ئاڵتوون بێ!

زۆرێ لە وەڵامەکانمان ئەوەیە کە ئەڵێین:

خودا چاکی کات! ئەزانین چۆن لێبووردە بین و بە دوای تۆڵەدا نەگەڕێین، چاک ئەزانین خۆمان بدەین لە گێلی!

فێربووین کە نابێ ئەوەنە چاو لە دەستی کەسانی تر بین و هیوامان بە کەسا هەڵنەواسین، تەنها خودامان بەسە، تەنها خۆمان باشترین هاوڕێی خۆمانین!

بایی ئەوە گەورە بووین.. ؛

کە بە سادەترین شت، دڵمان تەنگ بێ!

بە هۆکاری بچوکیش، دڵخۆش ئەبین!

کەسێ بە عەقڵمان پێبکەنێ و بە گێلیشمان بزانێ، ئەڵێین:

قەینا، توخودا با هەر وا بزانێ، کە فەقیرین! سوودی چیە بزانێ ئێمەش لە دنیا حاڵیین.

ئەوەنە گەورە بووین ئیتر ئەزانین متمانەمان بەکێ هەبێ و بە کێ نەبێ!

ئـــــای..چەند لەسەرخۆ گەورە بووین،

# چیرۆک نامە

بە چپەچپ لەبەردەم ئاوێنەکە دەیوت: "ساڵی نوێ و کۆتایی هێنانی تەمەنێکی بەسەر چوو، چەند مانگێکی نوێ و بێ خەبەر لە هاتنی مەحبووبی نارنجی ،چەند رۆژێکی نوێ و ژیان لەنێو ژاوەژاوی بێ کەسی ، چەند ساتێکی خۆشی و ناخۆشی نوێ بۆ تۆمارکردن و ئەزموون کردنی دەیان شت و هەست. چەند پەڕەیەکی نوێ و نووسینەوەی چەند دێرێکی تری نوێ ، بەدەست هێنانی هیوای نوێ و شکان و رووخانی نوێ . کەوبەداری مەحبووبم هاتنت خێر بێت. "

چونکە وادەزانن رۆژی بوون هی کافرباوکان نەیاندەهێشت دوو وشەی جوانیش بەخۆی بڵێت لەو رۆژە.

# بۆ یادی "ئەو کرێکارانەی بۆ زەرەیەک ئاسوودەیی و دڵنیابوون لە ئەمانییەتی کار دەژیان

بە بێـدەنگیی بەڵێن بە خۆم دەدەم بجەنگم و هەرچی لە توانامدا هەبێت بیکەم تـا ڕۆژێـک لە ڕۆژان بگەڕێمەوە بۆ ئەو شوێنەی کە روحتان تێیدا بۆ نیشتیمان و باشبوونمان سەرف کرد ، جا ئەگەر نەشتوانم بیهێنمە دی،

ئەوا لانی کەم لە رۆژی هەڵبژاردنی مشـــەخۆرێك بۆ سـەرۆکایەتی لەبەردەم میدیاکان بە دەسـتێك سیلیکۆن و پلاستیك و ئەو داودەرمانەی ژیان و مێبوون دەشـێوێنن و پێکەنینی بازرگانە ناحالی و ورگ پڕەکـان و سـەیـارە گرانبەهـاکـانی خـانمە سەنگینەکانی مەملەکەتەکەم هاواری

جوانی مەرگ و ژیانێکی باشـــترتان بۆ دەکەم و دەڵێم : ( ببەخشن .. ببەخشن... )

نەك ڕۆژێك بەڵكوو دونیایەك ئەمانی و دڵنیابوون لە کـارکردن و پێشـــینەیەك بۆ کـاری ڕۆژانەیـان ببەخشـــن، مەهێڵن ئـارەقیـان وشـــك بێت و مـانـدووبوونیـان بڕەوێتەوە پێیـان ببخشـــن هەناسەیەکی شوکرانە و دەستێك زەرفی پڕ خۆراك بۆ تێرکردنی سـکی مندااڵەکانیان، پێیان ببەخشـن "موچەکانیانم مەبەستە" پێیان ببەخشن .

# دایـــــە

ئەوەنـدەی خـواردبـوویەوە ســەری گـێـژی دەخوارد و بەولا و ئەولا دەکەوت. ئەو دەمەی لە باڕەکە هـاتە دەر چرا و عـاموود و شــەقامەکـان کەوتبوونە شـایی و هەڵپەرکێ ، پێش چاوی وەك کۆتاییەکانی پایزی لێ هاتبوو غێم و تەپوو تۆزی لێ دەباری .

ســاتمەیەکی کرد و بەربوویەوە، مۆرەیەکی کرد و دیـتـی لاوێـکـی چـوار شـــانەی ئەســـمەر لەبەر ماندوێیتی و ناخۆشـی خۆیی خستوە بە عەرزا و پشــویك بە دەروونی خۆی دەدات، خۆی لە لاوی بێ چارە کڤ کردەوە و گۆتی:

- هێی برادەر نـازانی ئێرە ســەر ڕێیە و نـابی لێی پاردەیتەوە خۆ ماڵی بابت نییە ...

ـ برادەر ... برادەر ...

سەیرە ئەوەچیتی؟ ..

ـ هێی برادەر، ....

تەماشای کرد لە ژوور سەری نووسرابوو

+ دایە ...

سەر هەڵدەگرم مەڵێ بۆ کوێ؟ ..

سەر هەڵگرتن شوێنی خاسی نییە ...

إنا لله وإنا إليه راجعون

توومەزە چووبوویەوە بەر دەرگایی ئیلاهی و کابرا شاعرەکی بێ ناونیشان بوو

لەبەر خۆوە بە چپە چپ گۆتم:

دایە ... هەر دێمەوە مەڵێ کەی ؟ ...

گەرانەوە وختی خاسی نییە...

# چیرۆک خانە

مەسەلەن وەک باڵندەیەک کە پەر و باڵی دەکاتەوە و دەست بەفرین دەکات لەو سوچ بۆ ئەو سوچ دەگەڕێت و بەهێمنی بۆنی خوێن دەکات لەهەوادا، دەفرم و دووبارە زیاتر دەفرم تا زیاتر بۆنی تۆ و ئومێدی ژیانم بۆ بگەڕێتەوە.

"بیری بۆن و خوێنت دەکەم."

# وشە خانە

دەیوت منیش نەبم مەهێڵە ئەم تاڵانە بێناز و
بیهێزبن.

# چیرۆک خانە

هەموو کەسێک رۆژانێکی هەیە نوقمی خەم بووە
و خنکێندراوە،

ئیدی ئەگەر خەیاڵی کەسێک یان شتێک بووبێت
یان کەوتنە ناو ئاو و خۆکوژی بێت.

# وشە خانە

لەتاریکدا دەدرەوشیتەوە،

لە بێدەنگیدا دەهۆنێتەوە و لە تەنهایشدا
ئارامدەبێتەوە.

# گلەی نامە

بۆنا؟!..

ڕەنگە تەواوی ئەو فرمیسکانەی ڕشتووتە هی ئەوە بێت

تۆش لە خانەیەکدا قۆرغکراویت.

# چیرۆک خانە

لەپێش فرۆکەخانە دانیشتبوو و بە لاوک و حەیران دەیوت: "بەڵام ئێستا تۆ لێمدووری هیچ کەسێک لێم ناکات سەبووری، نە دڵم بەهیچ دادەمرکێ نە کەسیتری دەوێت ئەویندارى، چ قەومابوو دووریت لەمن ساریژ نابیت برینم ئەو ئەوینە تاکەی بێت لە دڵی من؟ لە هەرلابێت خوێیە دۆستەکەی من".

چونکە لێرە هەموو رۆژێ لە مزگەوتیبوو و دوو سێ جاریش خستبوویانە زیندانی بە هۆکاری جیاجیا، ئەو رێگایەی پێ باشتربوو نەک هەموورۆژ لەبەردەم دەرگای زیندانەکان هاوژینەکەی بکەوێت.

# کورتە خانە

سی ساڵ بەرگەی  ئەو هەموو زوڵم و ستەمەی گرت بەرامبەری بکرێ، دوو رۆژیدی بەرگەی نەگرت. هەموو هۆکاری درێژبوونەوەی ئەو پەتەش "با قەیرە نەبم" بوو.

-ئەی باشە چی لێهات؟

+قابیلە چی لێدێت خۆی بە سوتانبرد.

-ئەی باشە بۆچی هەوڵی چارەسەری کێشەیان نەدەدا؟

+کابرا نەخۆش و عیناد بوو، بەس بەگوێی خۆی دەکرد و ئەو ماڵ و منداڵەی قوربانی خۆی کرد.

-واتا سی ساڵ ناخۆشی و شەر؟

+هۆهۆۆو تۆش زۆری دەپرسی هااا، دەڵێی لە کوردستان ناژی؟

-باشە تەواو بێدەنگ بووم تێگەیشتم.

# تەرکیز خانە

لە کۆتاییدا  ئەو جوانیەی کە لەوێبوو ون دەبێت،

خوداپەرستیش دەمێنیتەوە تا هەمیشە..

# گلەی خانە

حاڵی نەدەبوو لە حاڵم

ئەوەی حاڵم پێی باش دەبوو.

# چیرۆک خانە

ئەڵێم بۆچی نا؟!..

منیش وەک ئەو منـداڵەی ئێوارە ددانێکی دەکەوێت و شەو لەژێر سەرینەکەی دادەنا و پاشی سـبەینێ بۆی دەبوو بە فڵچە و هەویری ددان، لەو پەڕی خۆشـی و شـاگەشـکەی منداڵیخۆی دەبوو. منیش لاپەرەیەک لە کتێبێک لە ژێر سـەرینەکەم دابنێم و تا ببێت بە کتێبخانەیەک و کۆمپیوتەرێک بەڵکو موحیبەتی خۆم بۆ کتێبخانە ئەفسوناویەکەم بنووسمەوە...

# بۆ یادی ئەو دڵەی دوو ڕۆژ ژیا

بەبێ دەنگی بەڵێنی بەخۆیدا، ساڵێک لە بەیانیەکی ساردی ڕۆژی خۆشەویستی بچێت کۆڵان کۆڵانی شارەکەی خوێنی موحیببەت بۆ ڕەفیق گیانیەکەی بڕژێت و ئێوارەکەشی ڕایماڵێت.

# تەرکیز خانە

جا لە بوونی هاوڕێگایەکی باش "ئەگەر لەوپەڕی دونیاش بێت بۆت دەدۆزمەوە تۆ بەس خەم مەخۆ" گوێت لێ نەبوو، یان ئەوەتا هاوڕێگاکەت بگۆڕە یان ڕێگاکەت هەونییە.

# وشە خانە

ژەهراویبوون تەنها بە مارپێوەدان نییە.

# سوتێنرا

زۆر دەیوت "لە هیجر و تاسـەی مردنت ڕێشـتیان زەریایەک فرمێسک ئەو چاوانە"، نەمدەزانی بۆچی وای دەوت.

تـا رۆژێـک کورد گۆتەنی جـام پربوو و هەمووی بە گۆڕێ وەرکرد و ئەوهای وت:

-ئەو تاوانی هیچ نەبوو تەنها دڵی بە لاوێکەوە بوو و لاوەکەش سەرسەری نەبوو، بەس رۆشت"

+چوو بۆ کوێ؟

-بەهەشت، دایک و خوشکی ئەویان نارد.

تێنەگەشـتم و ویسـتم زیاتر باسـی بکات ئەوە چ دەردێکە ژیانی ئەوی تەنیوە، ئاهێکی هەڵکێشـا و دیسـان وتی" ئەو سـوتا، بە قەزاوقەدەر سـوتا بەڵام تۆ باوەڕمەکە".

زەردەخەنەیەکی کرد وەک ئەوەی دوا زەردەخەنەی بێت و ڕۆیشت...

# دەرد خانە

ئەوەندە لە عەشقدا ئازاردرابوو، نەیدەوێرا
برادەرایەتی کچیش بکات.

# وشە خانە

زەردەخەنەی کۆتایی هەموانی جەرگ سووتاوکرد.

# تەرکیز خانە

لەکۆتاییدا توشی هەزار دەردبوو،

ئەوەی هەموو هەستەکانی وەک خۆی شاردەوە.

# ماندوویی

لەبەردەم فرۆکەخـانە دابەزی و سـەیرێکی لای راسـت و چەپی خۆیکرد هەسـتیکرد ئیدی غەریبەیەکە لێرە، چونکە کوردە ئیدی ترسـی ئەوەشـی لەدڵی نیشـتبوو بڵێت عێراقیم چونکە ناومان باش نەرۆیشتیە. لەولاشەوە لە زێدی باب و باپیرانی دەیانوت "کچیان بەتەنها رەوانەی هەنـدەران کردیە خودا دەزانێ چی کردووە و دایتیانە دەستی کێ، پیاوەتیشی هەر ئەوەندەبوو کـاک عومەر ئەو کـافربـاوکـانە بکـاتە زاوای کورد ناوان"

هۆهۆۆۆو .. من بۆ خوێندن چوومە ئەوانیش چی دەڵێن، کچی کورد و خیندنیان نەگۆتیە لە هەندەران ؟!...

# تەرکیز خانە

دوازدە ســـاڵ بخوێنە و دواتریش یان بڕوانامەی بێکار یان ئەوەتا خزمەتی ماڵ ومنداڵ، خوێندن لەدەرەوەش دەربێنە لە مێشــکت و مەشــپرســە بۆچی؟!..

# گلەی خانە

لە پاش شازدە سال خوێندن بەلای کەمەوە و ماندووبون و بڕوانامە و ئەولاوئەولا ویستی ئەو کچەش بخوازێ کە ساڵانێکە بەڵێنی یەکبوونی لەگەل داوە. نە ئیشی هەبوو نە کچەکەش پێی رازی بوو ڕووی کردە هەندەران، لەلایەکیتریش خەڵکی دەیانوت چووە خزمەتی کافرباوکان دەکات و ئێرەش پڕبووە لە بێگانە. دیاربوو خەباتی چەند ساڵەی گەنجی کورد هەر ئەوەیە لێرە پڕبیت لە ڕق و بچێت لەوێ هەڵیڕێژێ.

# وشە خانە

تێگەیشتبوو لە نیازی کە دەڵێت:

"بەکۆڵێ خەمەوە رۆیی بەرەو کێوی مەردان،

ئەوەی باکی بە عەشق نییە لێی ونە ئەرخەوان".

# وشە خانە

چەم هی حیلەکاران و بازاڕی عیشقە.

# کۆتایی

# نهێنیخانە

پـێم وایـە هەرگیز بەو قۆناغەدا نـەڕۆشتووم، بەڵام بەردەوامم و بەردەوامیش دەبم لــە پەیداکردنی زیـاتر لەوەی کە گەرەکمە و لــە ئــاوەزوومدا هــاتووچوونی پێدەکەم. هەڵبەتە هۆکاری زۆر هەن بەڵام وەک دۆستی ئەوەڵینم گۆتەنی:-

"وەک ئەوەی دەیزانم ڕۆژێک بەو خۆمە هەمیشەییە دەگەم و لـێوڕێژ دەبـم لــە عــیشق و شــادی"

نوسینی

لاڤان عزیز